# پیرۆزی ئەو پیشەیە با لە دەست نەدری. . . . . . . هێمن عومەر



پیشەی ڕۆژنامە نوسی پیشەیەکی پیرۆزەو پێویستی بە مرۆڤی بە ویژدان و خاوەن ڕۆشنبیریەکی زۆرە تاوەك و لە بواری کارەکەیدا لێکدانەوەیەکی زۆر بکات سەبارەت بە گواستنەوەی هەواڵ و ڕیپۆرتاژوو نوسین و هەموو ئەو کارانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژنامەنوس سەرەڕای ئەوانەی وترا پێویستە خاوەن هەڵوێست و بوێر بێت بەرامبەر بەو کارەی کە دەیکات چونکە پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەو دەسەڵات بریتیە لە گەڕاندنەوەی حەقی غەڵکی بێدەسەلاّت و خستنە ڕووی هەموو کێشەو دیاردەو ڕوداوەکان بە شێوەیەکی شەفافیانە لە لایەن ڕۆژنامەنوسەوە تاوەك و ڕووی ڕاستە قینەی مەسەلەکان بەدەر بکەوێت کە بێگومان ئەو ئەرکە قورسە پێویستە کەسایەتیەك بیگرێتە ئەستۆ کە خاوەنی ئەو بەهرەو توانایە بێت. بەلاّم بەداخەوە هێندەی کەسی کاڵفام و نەزان و جاهیلی ئەو هەرێمە بوون بە ڕۆژنامەنووس بە دەگمەن کەسایەتیەکی سەرکەوت و باشی ئەو بوارەت بۆ دەدۆزرێتەوە هەروەك و ئەمڕۆکە هەرچی بایدا دەبێت بە هونەرمەندوو ناوی دەچێتە ناو تیروو پشکی وەرگرتنی زەویەوە بەهەمان شێوەش وا خەریکە لەو هەرێمەدا ئەو پیشە پیرۆزە دەبێتە بازرگانی و بە ڕیپۆرتاژێك ئیتر ئەو برادەرە دەبێتە ڕۆژنامەنووس و لە لایەن ڕۆژنامەیەکەوە ناسنامەیەکی گەورەو پانی بەملەوە دەکرێت کاکی کۆلکە ڕۆژنامەنوسی تازە فەریکە دەکەوێتە ناو خەڵکی و بۆ وەرگرتنی موکافەئەیەك سەد درۆو قسە بەناوی خەڵکیەوە دەکات بی گوی دانە هیچ ڕێساو یاسایەك کە زۆر بەی جار بە هۆی ڕیپۆرتاژێکی کۆلکە ڕۆژنامەنوسێك کێشەی کۆمەلاّیەتی بۆ بەستەزمانێك نراوەتەوە، وە هێندەشی لە ڕۆژنامەکان ڕوونکردنەوەو بەدرۆ خستنەوە دەنوسری کەمتر لەوانە هەواڵێکی ڕاست و دروست دەبیستی خۆ ئەگەر هیچیشی دەست نەکەوت کاکی ڕۆژنامەنوس ڕێك و ڕاست دەچێت خۆی شەڕێك دەنێتەوە تاوەك و لە سەری بنوسێت هەروەك و ئەوەی برادەرێکی سەر نوسەر لە یەکێك لە ڕۆژنامە نێو خۆییەکاندا کردی کە حەز بە ناو هێنانی کەس ناکەم کاکی سەرنوسەر چووە مەقەرێکی تورکمان و شەڕێکی لەگەڵدا کردن و ئەوانیش سعاتێك گرتیان بۆ چەند ڕۆژێکی دیکە لە ڕۆژنامەکەیدا لەسەر سەرەوە بە مانشێتێکی گەورە نوسرابوو سەرنوسەری ڕۆژنامەکەمان دەگیرێت، ئاخر ئەوە کەی پیرۆزی ئەو پیشەیە دەهێڵێت کاتێك لە جیاتی ئەوەی بگەڕیت بەدوای هەواڵی ڕاست و دروستدا جاری کێشەت ئەوە بێت ناوو ناز ناو پەیاکەیت یاخود درۆیەك بهۆنیتەوە.

هەربۆیە پێشنیارم بۆ ڕۆژنامەکان ئەوەیە کە تاوەك و لە توانای ئاستی نوسین و ڕەوشتی کەسێك دڵنیا نەبن باجی ڕۆژنامەکەتانی بۆ نەکەن ئەگەر نا ئێوەش بەهۆی ئەوەوە دەبێت هەر هەواڵ بەدرۆبخەنەوە بەکورتیەکەی لە قاڵبی ڕۆژنامەوانیەوە تورهەڵئەدرێن بۆ قاڵبی درۆیەوانی.